# کورد و یەکێتی ئەوروپا

سەردار عەزیز

لە گۆڤاری نیورک بووک ریڤیو، ستیڤان کینزەر بابەتێکی دوورو درێژی دەربارەی بارودۆخی کورد لە تورکیا نووسیوە. نوسینەکەی کینزەر تێکەڵەیەکە لە رانانی چوار کتێب و تێروانینەکانی خۆی. لە نێو چوار کتێبەکەدا من تەنها کتێبێکیانم هەیە لە ژێر ناوی؛ دەستکەوتەکانی شەر: زەرەرو زیانە مرۆیەکانی بازرگانی چەکی ئەمریکا. کتێبەکە تازەنیە بەڵکو بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1997 لەلایەن دەزگای وینستۆن بۆ ئاشتی جیهانی لە چاپ دراوە. نووسەری کتێبەکە کە ناوی جۆن تیرمان-ە خۆی بەرێوبەری دەزگاکەیە و پێشانیش رۆژنامەنووس بووە لە گۆڤاری تایمسی ئەمریکی. سێ ساڵ لەمەوپێش من کتێبەکەم لە ژێرخانی کتێبخانەیەکی دەستەدووا لێرە لەم شارەدا دیەوەو کریم. دوو ساڵ لەمەوپێشیش وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی لەگەڵ دووکچی ئایرەلەندی هاورێما بەکارمان هێنا بۆ ووتنەوەی لێکچەرێک لە وانەی مافی مرۆڤ، دەربارەی پێشێلکاری مافی کورد لە تورکیا.

سێ کتێبەکەی تر کە کینزەر باسی لێوەئەکات؛ یەکێکیان لە ژێر ناونیشانی؛ کورد لە تورکیا: یەکێتی ئەوروپاو مافی مرۆڤ. ئەم کتێبە لەلایەن کەریم یەڵدزەوە نوسراوە. هەرچەندە یەڵدز ناوێکی تورکیە بەمانای ئەستێرە دێت بەڵام کەریم، سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردە لە لەندەن، لەوە گرنگتر ئەوەیە کتێبەکە لەلایەن فەیلەسوف و زمانەوانی ناسراوی دونیا، نوئم چۆمسکیەوە پێشەکی بۆ نوسراوە. کتێبی سێهەم ناوی؛ تورکەکانی ئەمرۆ-یە، لەلایەن ئەندرۆ مانگۆوە نوسراوە، دەزگای ئۆڤەر-لووک لە چاپی داوە و 292 لاپەرەیەو نرخی 30 دۆلارە. کتێبی چوارهەم؛ لە بنەرەتدا بەتورکی نوسراوە لەلایەن نادیر ماتەر، و ئەیسی گولئەیتانی کردویەتی ئینگلیزی. لەلایەن پالگراڤ ماکمیلانەوە لە چاپدراوە و 320 لاپەرەیەو نرخی 40 دۆلارە.

کینزەر بۆخۆی بە سەرتاپا تورکیادا سەفەریکردوە، سەرەرای کۆمەڵێ ووتاری زۆر لە رۆژنامەی نیورک تایمز هەروەها کتێبێکیشی دەربارەی تورکیا نووسیوە لە ژێرناوی مانگ و ئەستێرە، کە هێمایە بۆ ئەو مانگ و ئەستێرەیەی لە ئالای وولاتی تورکیادا هەیە. ئەم کتێبە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە پێشوازی گەرمی لێکراو هەر خێرا وەریانگێرایە سەر زمانی تورکی. شایانی باسە کتێبەکەی جۆن تیرمانیش وەرگێردراوە بەڵام لەلایەن کوردێکەوە، وەرگێرەکەی توشی رەدوونانی یاسایی بووە لە تورکیا. ئەم کتێبە  بە باسکردنی سروشتی گوندێ دەست پێئەکات، لە سەرەتای رۆمانکانی یەشار کەمال ئەچێت، بەڵام ئەم زۆربوێرانەترو ئازایانە تر باسی لەخەمی کورد ئەکات نەک وەک دەقە نەخوێندراوەکانی یەشار کەمال. پاشان باس لەوە ئەکات چون هێلیکۆپیەری  دێت گوندەکە ئەسوتێنو خەڵکەکەی ناچار ئەکات کە کۆچ کەن بۆ شار . تیرمان بە خوێنەرە ئەمریکیەکانی دەڵێ ئێرە ڤێتنام نیە، ئێرە سەرزەمینێکە پێی دەڵێن کورودستان.

ناونیشانی نووسینەکەی کینزەر؛ کورد لە تورکیا: گۆرانێکی گەورە-یە. کینزەر بەشێوەیەکی گشتی بایەخێکی زۆر بەسەرتاپا ناوچەکە ئەدات. دەربارەی ئێران کتێبێکی هەیە لە ژێرناونیشانی؛ هەموو پیاوەکانی شا کە باس لە ئەو کودەتایە ئەکات کە ئەمریکاو بەریتانیا لە ساڵی 1953 سازیاندا بۆ لە دەسەڵات لابردنی حکومەتەکەی موصەدەق. بەلای کینزەرەوە ئەو کودەتایە هەڵەیەکی گەورەبووە چونکە موصەدەق ئێرانی بەرەو دیموکراسی ئەبرد. بەڵام بۆیە لابرا چونکە یەکەم پلانی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران بوو، وە وەدەرنانی کۆمپانیا بیانیەکان، کە بەگشتی بەریتانی بوون. جێی باسە ئەم کودەتایە لە رۆژانی شەری ساردا روویدا کە ئەمریکا ئەوەندە بە بەدگومانی و ترسەوە مامەڵەی لەگەڵ هەموو رووداوێکا ئەکرد، لە دەرئەنجامدا بە هەموو شێوەیەک لە بینینی راستی کورتی ئەهێنا.

کێشەی گەورەی ئەمریکا ئەوەیە نازانێ چی ئەوێ لە دونیا، ئەمە قسەی پرۆفیسۆری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانە لە زانکۆی بێرکلی لە کالیفۆرنیا- ئەمریکا. یەکێک لە هاورێ نزیکەکانم جۆن ئۆسۆلیڤان، ئەم ساڵ خوێندکاری ئەو زانکۆیەیە، لە رێی ئینتەرنێتەوە، هەموو لێکچەرەکانی وانەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی بۆ ناردووم.

نوسینەکەی کینزەر لە دیاربەکرەوە دەستپێئەکات. ئەو شارەی بۆ چەندین سەدەیە ناوەندی کەلتووری و سیاسی کوردە. زەمانێ زۆر ئەم شارە لە ژێر عورفی سەربازیدابووە. ئەو رۆژانە پۆلیس و جەندرمەو سەربازی تورک لە هەموو کوچەو کۆلانێک بوون.

ئەو سەردەمە هەرکەسەو مەیلی کوردایەتی هەبووایە لە ژێر ترسێکی بەردەواما ئەژیا. بە سەدان خەڵک لە سەر شۆستەکان خوێنیان رژێنراو چەند هێندەش راپێچی بەندیخانەکران و زۆریان لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەستدا.

کینزەر ئەم پایزە، هەفتەیەکی لەو شارە (دیاربەکر) بەسەربردووە. هەروەها بەو ناوچانەشدا سەفەریکردوە کە ماوەیەک لەمەوپێش شوێنی شەری نێوان گەریلاکان و سوپای حکومەت بوو. یەکەم هەست بەلای کینزەرەو کاتێ بە شەقامەکانی دیاربەکرا رێیکردوە ئەوەبووە کە چەندێک ئەو شارە گۆراوە. چی دی تانک وسەربازو پۆلیس لە شەقام و شوێنە گشتیەکانا نابینی. لە هەمووشی گرنگتر خەڵک هەرچیەکیان بووێ بەبێ ترس دەیڵێن.

پێشنگایەکی کتێب بەرێوە ئەچوو کە من لەوێ بووم (کینزەر)، لە یەکەم وەستانمدا لەبەردەم وەرگێرانی بۆ تورکی شەروئاشتی تۆلستۆی و زەنگەکان بۆ کێ لێ ئەدەن-ی هێمەنگوایدا وەستام، هەر لە نێو ئەو کتێبانەدا کتێبم بینی لە ژێرناونیشانی؛ مێژووی کورد، هەروەها، کێشەی کورد لەتورکیا. کتێبی لەم جۆرە بە هیچ شێوەیەک نەئەتوانرێ بفرۆشرێ لەوەوپێش، بەڵکو ووشەی کوردوستان تابوو بوو، وە هەروەها ئاماژەکردن بۆ کێشەی کورد بە نایاسایی و هەوڵدان بۆ جیابوونەوە لە قەڵەم ئەدرا.

لەوەوپێش ئێمە ئەترساین خۆمان دەربرین، نوسەری کورد لوتفی باسکی لە پێشەنگاکەدا پێی ووتم. هەروەها لە درێژەی قسەکانیا ووتی؛ حکومەت سووربوو لەسەرئەوەی کە کورد نیە، زمان و کەلتورو کوردی بوونی نیە، ئێمەیان گرتوو رێکخراوەکەیان داخستین. بەڵام ئێستا گۆرانێکی زۆر روویداوە، بەتایبەتی لەم چەند مانگانەی دووایدا. ئەمە مانای ئەوە نیە کە کێشەی ئێمە چارەسەرکراوە بەڵام بەلای کەمەوە ئەتوانین بە راشکاوانە قسەی لەسەربکەین. ئەمە بۆخۆی گۆرانێکی گەورەیە. هەر هەمان رۆژ کە بەناوشارا پیاسەم ئەکرد لافیتەیەکم بینی لەبەردەم هۆڵێکا لێی نووسرابوو بەئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپاو کێشەی کورد. کە رۆشتمە ژوورەوە یەکێک زۆر بە حەماسەتەوە لە پشت مایکرۆفۆنێکەوە هاواری ئەکرد. بۆ چەندینساڵ، حکومەتی تورکی بە ئێمەی ئەوت تاوانبار، هەروەها بانگەشەی ئەوەی ئەکرد کە ئامادەنیە لەگەڵماندا دانوستان بکات بەڵکو دەیەوێ لەناومان بەرێت. ئەم جۆرە عەقڵیەتە تراژیدیە کێشەی کوردی خولقاندوە. ئەمەش تەنها هۆکارێکە کە کورد ناچاربوون دەستدەنە خەباتی چەکداری.

هەرچەندە پۆلیس لەوێ ئامادەبوو تەماشای کۆبونەوەکەیان دەکرد بەڵام هیچیان نەئەکرد. یەکێک لە ئامادەبووان پێی ووتم؛ دێن وەک جاران تەماشامان ئەکەن بەڵام وەک جاران ناتوانن هیچ بکەن. ئەمە دیموکراسیە، ئێمە بووین بە ئەوروپی چی دی دەوڵەت ناتوانێ دەستمان لێدات.

رۆژیی دوای سەردانی پارێزگاری دیاربەکرم کرد. عوسمان بەیدەمیر تەمەنی 34 ساڵەو لە رۆژی هەڵبژاردنیەوە بووەتە قسەکەری ئەم نەوە نوێیەی کورد لەتورکیا. پێی ووتم ئەو نیمچە دەوڵەتەی کە بۆ کورد لە باکوری عێراق دروستبووە، مایەی خۆشحاڵیەکی زۆری خەڵکە لێرە. بەڵام لە لایەکی ترەو خەڵک لێرە نایەنەوێ ببنە بەشێک لەو ووڵاتە. لەبری ئەوە دەیانەوێ ببنە هاووڵاتیەکی تورکیا ئەگەر تورکیا ئامادەبێت هەڵوێستی بگۆرێت بەرامبەریان. زۆرینەی زۆری ئەو کوردانەی بینیمن هەمان شتیان دووپات ئەکردەوە. بوون بە بەشێک لە ووڵاتێکی گەورە کە دەبێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا شوێنی دلگیری وەک ئەستەنبوولی هەیە، مژدەی داهاتوویەکی باشتری پێیە لەوەی ببیتە هاووڵاتی ووڵاتێکی دابراوی شاخاوی لە میزۆپۆتامیا.

ئەگەر ئەم دیدەی کینزەر راست بێت، هۆکاری سەرەکی لەپشتیەوە هەژاری و ناهەمواری بارودۆخی ئابووریە. وە تەنها هۆکاریش کە وا لەکورد ئەکات بیانەوێ لە ناو دەوڵەتی تورکیا بمێننەوە بەئەندام بوونی تورکیایە لە یەکێتی ئەوروپا. چونکە ئەوان ئەزانن بەئەندام بوون بە شێوەیەکی خێراتر گۆرانی گەورەوە گرنگ لە ژیانیانا دروست ئەکات. گەشەکردنی دیموکراسی، باشبوونی باری ئابووری، هەبوونی کار، ئازادی رادەربرین و سەفەر. لەلایەکەوە هەقیانە چونکە لە یەکێتی ئەوروپا دەزگا هەیە بۆ پاراستنی ئەو مافانە، وە ئەو مافانە بە هێند وەردەگیرێن، بەڵام رەنگە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ؛ دەوڵەتێکی هەژارو بێماف و چەوسێنەرەوەبێت. لێرەدا پرسیارێکی گەورەتر دێتە ئاراوە ئایا دەزگایەکی وەکو یەکێتی ئەوروپا دەوڵەتی نەتەوەیی لە شێوازە ترادیشیوناڵەکەیا ناخاتە ژێر پرسیارەوە.

دوو ساڵ لەمەوپێش بۆ ماوەی هەفتەیەک لە یەکێتی ئەوروپابووم. وەک خوێندکارێک لەگەڵ کۆلیژەکەمانا، چونکە یەکێتی ئەوروپا بۆخۆی وەک بابەتێک بابەتی خوێندنمان بوو. لە دانیشتنێکی پەرلەمانی ئەوروپادا ئامادەبووم. کاتێک لەگەڵ دەستیەک لە پەرلەمانتاران کۆبووینەوە من بەئەندام بوونی تورکیاو کێشەی کوردم هێنایە باس، هەموویان لەسەر ئەوە سووربوون کە دیموکراتیزەبوونی تورکیا خاڵی بنەرەتیە، لە نێویاندا پاراستنی مافی کەمایەتیەکان کە برگەیەکی سەرەکی رێکەوتننامەی کۆپینهاگنە. ئەوەی هەموو ئەندام پەرلەمانان لە سەری کۆک بوون ئەوەبوو، ئەوان

ترسی ئەوەیان هەیە تورکیایەکی هەژار ببێتە وولاتێکی ئیسلامی توندرەو و ئینجا ببێتە سەرچاوەی مەترسی بۆ ئەوروپا. بۆیە لە ئەندام بوونی تورکیا ئەوان دەیانەوێ باری ئابووری وولاتەکە باشبێت و دیموکراسی گەشەبکات. لەلایەکی ترەوە ئارامی و سەقامگیربوون لە ناو تورکیا خویدا گرنگە چونکە سەرمایە بە سروشت ترسنۆکە بۆیە پێویستی بە دۆخێکی رامیاری ئارام هەیە بۆ ئەوەی گەشەبکات. بەلام ئەمە مانای ئەوە نیە مافی کورد، بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا خۆی بەخۆی وەک کارێکی سروشتی دێتە دی. بەڵکو هێشتا پێویستی بە کارو ئەرکی زۆرە، بە تایبەت لە بواری لۆبیکردندا. (ئەگەری ئەوە هەیە چوار مانگی هاوینی داهاتوو وەک راوێژکارێکی رامیاری لە یەکێتی ئەوروپا ئیش بکەم، ئەمە دەرفەتێکی باش ئەبێت بۆ زیاتر کارکردن و شارەزابوون لەسەر ئەم مەسەلەیە).

هەر لەم روونگەیەوە سەرۆکی شارەوانی شاری دیاربەکر بە کینزەر دەڵێ؛ لێرە هەنگاوی شۆشگێرانە نراوە، بەلام لە وولاتێکا کە گۆرانەکان بەشێوەیەکی لە سەرخۆ رووئەدات، فشاری دەرەوە هەردەم پێویستە. کاریگەری فشاری دەرەرەوە زۆر بە ئاشکرا هەستی پێئەکرێ. لەوەتەی یەکێتی ئەوروپا فشار دەکات ئەوەندە رووداو روویداوە لە سەرتاپا مێژووی کۆماری تورکیادا رووینەداوە. ئەم کێشەیە ئەتوانرێ بە ئاشتیانە چارەسەربکرێت بەلام پێویستە کوردوتورک بیرکردنەوەیان بگۆرن، تەنها هێزیش ئەتوانێ ئەم کارەبکات، یەکێتی ئەوروپایە.

هەروەها ئەمەش بە هەمان شێوە رای کەریم یەڵدزە، لێپرسراوی رێکخراوی مافی مرۆڤ کوردی لە لەندەن. بەلای یەڵدزەوە، بەئەندام بوونی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپا دەرفەتێکی بێ وێنە دێنێتە ئاراوە بۆ دەستپێکردنی دایەلۆگ لە نێوان کوردو تورکدا.

لە پاش دیاربەکر کینزەر بەقەراخ رووباری دیجلەدا سەفەردەکات بۆ شاری سیلڤان. ئەو شارەی لە دەیەی رابووردودا، گروپە راسترەوە تورکەکان بە یارمەتی عەسکەر نزیکەی دووسەد کەسیان کوشت. ئێستا لەوە ئەچوو هیچ ترسێکی تیانەمابێت. لە چاخانەیەکا لە پیاوێکم پرسی، ئێستا لێرە چ پارتێکی سیاسی بەلای خەڵکەوە جێی حەزە، بەبێ هیچ دوودڵیەک هەرخێرا ووتی پ.ک.ک-ە. زۆری تریش لە خەڵک کە بینیمن هەمان شتیان پێ ووتم. ژمارەیەکی بەرچاویش ئاماژەیان بەوەدا کە کور یان برایان چووەتە شاخ تالە نێو پ.ک.ک-ەدا ببێتە چەکدار. هەرچەندە ئێستا ناوچەکە لە جۆرێک لە هێمنیدایە، لە بەرامبەردا حکومەت لە هەڵوێستێکی نارەحەتدایە. حکومەت بە هیچ جۆرێ ناتوانێ لەگەڵ پ.ک.ک-ەدا بکەوێتە گفتوگۆ، لەبەر نارەزایی زۆرینەی خەڵکی تورک. دیارە ئاشکرایە پاش ئەو هەموو ساڵە لە کەمپەینی دژ بە کورد، ئێستا لەپر ئاسان نابێت بۆ حکومەت بۆ ئەوەی لەپڕ هەڵوێستی خۆی بگۆرێت، بەتایبەت کەرتی سەربازی لە تورکیا کەرتی دەسەلاتداری راستەقینەیە لە وولاتدا. بەرژەوەندی زۆر لە جەنەراڵە گەورەکانی تورک لەوەدایە درێژە بەشەربدەن، چونکە بە نەمانی شەر سوپای تورک دەبێ رۆڵی خۆی کەمکاتەوە و لە هەمانکاتدا ژمارەی جەندرمەکانیشی کەمکاتەوە. هەمان داوا لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە لە تورکیا دەکرێت. بەلام سەرەرای ئەمە بەشێوەیەکی ناراستەخۆ حکومەت لەهەوڵدایە، وەک هەوڵدان بۆ ئازادکردنی چەند بەندیەکی سەر بە پ.ک.ک-ە لە بەندیخانەکان.

بەلام لە لایەکی ترەوە ئەم بارودۆخە وایکردوە کە پ.ک.ک-ە تەنها پارتی سیاسی بێت لە گۆرەپانەکەداو، بە گشتی کورد لە شارەکان هیچ شتێ دەربارەی پاشخانی مارکسی هەتا ستالینەتی ئەم پارتە نازانن. پ.ک.ک-ە پارتێکی دیموکراتخوازنیە، ئەندامەکانیشی لەسەر بنەمای دیموکراتی گەورەناکات. عەبدوڵا ئۆچ ئالان لە گەڵ 22 کەسی ترا پ.ک.ک-ەیان پێکهێنا بەلام دوانزە لەو بیست و دووکەسە، لە لایەن ئۆچ ئالانەوە خراونەتە خانەی خیانەتکارەوە و پاشان کوژراوون؛ هەمان هەڵوێست کە کەسانی وەک ستالین و سەددام پێی هەستان. بۆیە پ.ک.ک-ە زیاتر لە کەڵتەوە نزیکە وەک ئەوەی لە پارتێکی سیاسی مۆدرێن، وە ئەندامەکانیشی تا بڵێی مێشک شۆراوەو خاوەن هەڵوێستی پەرچەکردارین.

پاش سیلڤان کینزەر دەچێ بۆ هەکاری. کینزەر دەڵێ لەو سەردەمانەی کە شەر هەبوو، ئەو هەوڵیداوە بچێتە ئەو ناوچەیە بەلام هەردەم رێگەی لێگیراوە. هەتا جارێکیش بە تۆمەتی ئەوەی کە گوایە پرپاگەندە بۆ پ.ک.ک-ە ئەکات بۆ ماوەی هەشت رۆژ بەندکراوە. بەلام ئەمجارە لە خاڵی پشکنینەکە جەندرمەکە پاش ئەوەی تەماشای ناسنامەکەی ئەکات، بەدەم پێکەنینەوە پێی دەڵێ؛ گویلە گویلە. کینزەر دەڵێ، لە هەکاری؛ کە هەروەها ناوی شارێکیشە، ئازاترین کەسی بینیوە؛ ئەویش خانمێکی کوردی تەمەن سی و چوار ساڵە کە ناوی رۆژبین توگان-ە. رۆژبین دەرچووی کولێژی یاسایە لە ئەستەنبوول، هەر پاش تەواوکردنی خوێندنی لەلایەن دەزگایەکی پارێزەرانەوە کاری پێئەدرێت.

ئەوە بۆ ماوەی دەساڵە بێووچان وەک پارێزەرێکی مافی مرۆڤ لەم ناوچەیە داکۆکی لە مافی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک ئەکات لە دەڵێن لەلایەن سوپای تورک و پۆلیسەوە مافیان پێشێلکراوە.
کینزەر ئێوارەیەک دەچێتە ماڵی رۆژبین، کە ئەو هێشتا لەگەڵ دایک و باوکی دا ئەژی. رۆژبین برایەکی بەتۆمەتی ئەوەی سەربە پ.ک.ک-ەیە لە بەندیخانەدایە. کینزەر دەڵێ؛ بەلامەوە جێی سەرسورمانبوو، کە رۆژبین پێی ووتم، سەرەرای هەموو ئەوەی کە رووئەدات من هێشتا گەشبینم بەرامبەر داهاتووی تورکیا. ئەو لە درێژەی قسەکانیا ووتی؛ ئەم چەند ساڵەی دوای بە تایبەت وەک بەهەشت وابووە. ئێستا ئەتوانم بچم بۆسەفەر بۆ رێگای دوور و بەبێ ترس لەوەی کە ئەبێت پێش تاریکی بگەمە ماڵەوە. کە زەنگی دەرگا لێئەدرێ بە بێ ترس ئەرۆم بۆ ئەوەی بیکەمەوە. کاتێ کەسێ لە خێزانەکەم کە ئەروا بۆ بازارو لە هاتنەوە درەنگ ئەکەوێ، هیچ ترسێک ناکەوێتە دڵمەوە. ئێمە جاران بێ هیوابووین بەڵام ئێستا گۆرانی زۆر روویداوە. پاشان کینزەر بە هەکاریدا سەفەر ئەکات و لەگەڵ خەڵک ئەو شارەدا دەکەوێتە گفتوگۆ کە بەگشتی خۆیان بە کورد ئەناسێنن و هەتا زۆر نیگەرانن لەوەی کە پ.ک.ک-ە خراوەتە خانەی تیرۆرستانەوە. دیارە بوونی پ.ک.ک-ە لە خانەی تیرۆریستاندا بارودۆخێکی زۆر گرانی دروستکردوە، بۆ نموونە یەکێتی ئەوروپا ناتوانێ داوا لە تورکیابکات لە گەڵیا بکەوێتە گفتوگۆ. ئەرکی گەورەی پککە لەوەدا کە هەوڵبدات لەو خانەیە بێتە دەرێ، کە ئاسان نیە لە بەر رۆڵی ئەمریکاو جەنەراڵە سەربازەکانی تورک و پاشان فشاری ئەمریکا لە سەر یەکێتی ئەوروپا.